تورکیا: تاوەکو هەڕەشەی پەکەکە بمێنێت ئۆپراسیۆنەکان بەردەوامدەبن

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی بەرگریی تورکیا رایگەیاند، ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای وڵاتەکەی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بەردەوام دەبێت تاوەکە دڵنیابوون لە نەمانی هەڕەشە و هەڵوەشانەوەی پەکەکە.

زەکی ئاکتورک گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە لێدوانێکدا ووتی، ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە هەموو ئەو ناوچانە بەردەوام دەبن کە پەکەکەی تێدا یە. باسی لەوشکرد، ئامانجیان پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی لە [illegible] پەکەکە بۆ ئەوەی چیتر نەتوانێت هەڕەشە بە سەر تورکیا دروستبکات.

جەختیکردەوە، تورکیا تاوەکو ئەوکاتەی دڵنیا دەبێت لە نەمانی هەڕەشە و هەڵوەشانەوەی پەکەکە، چالاکییە سەربازییەکانی لە ناوچەکە راناگرێت.